# ئوباما: ڕێگەی نیزامی دژ بە ڕژیمی ئێران لە باس دایە

ماڵپەڕی فارسی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل

سێ ڕۆژ پێش کاتی دەست پێ کردنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، سەناتۆر ئوباما لە ووتووێژێکی تەلەویزیونی دا گووتی: نیگەرانە لەوەی ڕژیمی ئێران دەستی بە چەکی ناوکەیی بگا و زیادی کرد بۆ ڕێگە گرتن لە ئەتۆمی بوونی ڕژیمی ئێران، ڕێگەی نیزامی نابێ دوور بخرێتەوە.

هاوکات فەرماندەیێکی پلە بەرزی ئەرتەشی ئەمریکا ئاشکرای کرد لەوانەیە لە داهاتوویێکی نزیك دا تەیار بێ بە مووشەکی دوور هاوێژ کە بتوانی ئامانجەکانی خۆی لە ئەمریکا بپێکێ.

ئەو ووتووێژەی کە کاناڵی (سی ان ان) لەگەڵ باراك ئوباما ئەنجامی دابوو و سەرلە بەیانی ڕۆژی شەممە ١١ی خەزەڵوەر دووبارە بڵاو کرایەوە، پاڵێوراوی حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئەمریکا وەڵامی چەند پرسیارێکی لەبارەی مەسەلە ناوخۆییەکان و نێونەتەوەییەکان دایەوە کە گرینگترینی ئەوانە هەڵوێستی ناوبراو لەبارەی مەسەلە ناوکەیی ڕژیمی ئێران بوو.

لەم چەند ڕۆژەی دوایی دا لە ناوەندەکانی پروپاگەندەی سەناتۆر جان مەك کێن دا کورتە فیلمی قسەکانی پێشووی سەناتۆر ئوباما بڵاو دەکرایەوە و دەیان گووت کە ئوباما بایەخ بە مەترسی پیلانگێڕیەکانی ڕژیمی ئێران نادا.

لەو ووتووێژەدا لەو بارەوە پرسیاری لێ کرا و لە وەڵامدا گووتی: تەواوی توانای خۆم دەخەمە کار بۆ ئەوەی نەهێڵم ڕژیمی ئێران دەستی بە چەکی ناوکەیی بگات.

دووبارە پرسیاری لێ کرایەوە کە ئایا ئەویش وەك سەناتۆر جان مەك کێن دەتوانێ بەڵێن بدا کە ئەگەر بە سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرێ نەهێڵێ ڕژیمی ئێران دەستی بە ئەتۆم بگات، دووبارەی وەڵامی ئەرێی داو دوابەدوای ئەوە گووتی: ئەگەر ڕژیمی ئێران بە چەکی ناوکەیی تەیار بێ هەل و مەرجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گۆڕانی بە سەردا دێ، هەروا زیادی کرد من ڕێگە نادەم بەو کارە چوونکە بەهێزین و گرینگترین هاوپەیمانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست یانی ئیسرائیل دەکەوێتە مەترسیەوە.

ئوباما لە شیی کردنەوەی سیاسەت و شێوەی کار کردنی بۆ ڕێگە گرتن لە تەیار بوونی ڕژیمی ئێران بە چەکی ناوکەیی، گووتی: ئەگەر ئەوان نەگێڕینەوە سەر ڕێگەی ڕاست و ڕێگەیێکی باشتر نەگرنە بەر، دەبێ دیپلۆماسییێکی توندتر و ئابڵوقەی زیاتریان بخرێتە سەر و بەرێوە ببرێ. ناوبراو هەروەها گووتی: باش وایە پێشنیارگەلێك بخرێتە بەردەم ڕژیمی ئێران تا دەست هەڵگرێ لە گەلاڵەی ناوکەیی، لە هەمان کاتدا بیری هێنایەوە کە ڕێگەچارەی نیزامی نابێ لە بیر بکرێ.

ئوباما لە بارەی ئەفغانستانەوە گووتی: دەبێ ئالقاعیدە لە ناو بچن و زیادی کرد دەبێ جیاوازی نێوان دۆست و دژمن بزانین.

هاوکات سەرتیپ هێنری ئوبرینگ سەرۆکی دابەش کردنی پەدافەندی مووشەکی لە وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا گووتی: ئەو نیگەرانیە هەیە کە ڕژیمی ئێران لە ماوەی پێنج، شەش ساڵی داهاتوودا مووشەکێك دروست بکا کە توانای ئەوەی بێ هەموو ئوروپا و بەشێك لە ئەمریکا بکاتە ئامانجی خۆی.

سەرتیپ ئوبرینگ ئەو قسانەی لە پێوەند بە باسەکانی پارلمانی چیك لە بارەی دانانی دەزگای ڕاداری دژی مووشەکی ئەمریکایی لەو وەڵاتە کرد کە تا ئێستا ئەو بڕیارەیان پەسەند نەکردوە. ئەمریکا مەبەستیەتی بۆ بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ ئەو مووشەکانەی کە لە داهاتوودا لەوانەیە ڕژیمی ئێران بۆ ئوروپا و ئەمریکای بهاوێ، بنکەییێکی ڕاداری زۆر بەهێز لە چیك و سیستەمێکی دژە مووشەك لە لێهستان دامەزرێنێ.

روسیە لەو بەرنامە زۆر نیگەران و تورەیە و لەو باوەڕەدایە کە یەدافەندی مووشەکی ئەمریکا دژ بە مووشەکی ڕژیمی ئێران نیە کە تا ئێستا دروست نەکراون، بەڵکوو مەبەستی ئەمریکا مەترسیی مووشەکی لەلایەن روسیەیە. مسکۆ فشاری خستۆتە سەر لێهستان و چیك کە ئەو بڕیارەی ئەمریکا ڕەد بکەنەوە و خۆ ببوێرن لە هاوکاری ئەمریکا.

سەرتیپ ئوبرینگ گووتی: ئەگەر چیك بڕیارەکەی ئەمریکا ڕەد کاتەوە، ئەمریکا سپەری مووشەکی خۆی دادەمەزرێنێ و بڕیاری جێگرەوەی لەو بارەوە هەیە.

لە ڕاپۆرتی ڕاگەیێنەکان وا دەر دەکەوێ کە ڕژیمی ئێران سەرکەوتنی ئوبامای لە مەك کین پێ باشترە، بەڵام مەنووچێهر مووتەکی وەزیری دەرەوەی ڕژیمی ئاخوندی هەوڵی دا بێلایەنی بپارێزێ و گووتی: بە باوەڕی ڕژیمی ئێران جیاوازییێك لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی کۆماری خواز و دێموکرات لە سێ دەیەی ڕابردوودا نابینرێ.

موتەکی کە لە ئیستانبول لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئابووری جیهان قسەی دەکرد، زیادی کرد: کەسێك کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دا دەیباتەوە دەبێ بە بەڵێنەکانی خۆی پێ بەند بێ. ئیشارەی موتەکی بە شیعاری گۆڕان (Change)ە کە شیعاری سەرەکی ئوباما لە پێش بڕکێی هەڵبژاردنەکاندایە.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن، قسەکانی مووتەکی دەری دەخا کە ناوبراو چاوەڕێ یە باراك ئوباما سەرکەوێ. لەگەڵ ئەوەدا وەزیری دەرەوەی ڕژیم گووتی: لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا شاهیدی پێنج سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە دێموکرات و کۆماریخواز بووین و جیاوازییێك لە نێوانیان دا بەرچاو نەکەوت.

ناوبراو هەروەها گووتی: لە کاتی ئینقلابەوە تا ئێستا، جیمی کارتێر، رونالد ریگان، جۆرج بووشی باوك، بیل کلینتۆن و جۆرج بووشی کوڕ لە ئەمریکا دەسەڵاتیان لە دەست دا بووە و هەموویان سیاسەتی دژمنانەیان لەگەڵ ئێران بەرێوە بردوە. هەروەها زیادی کرد گرینگ نیە کێ دەی باتەوە گرینگ ئەوەیە لە دوای ئەو هەڵبژاردنە ئەمریکا چی دەکا.

***

# تەریك کەوتنەوەی ڕژێمی ئاخوندی ئێران لە ئاست کۆمەڵگای جیهانی و کاریگەری لە سەر خەڵکی ئێران



سەرەتای مانگی خەزەڵوەر هەڵبژاردنی شورای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرێوە چوو و ڕژێمی ئاخوندیش یەکێك لە خوازیارانی ئەندامیەتی غەیرە دایمی شورای ئەمنییەت بوو. هەر چەند چاودێرانی سیاسی پێش بینی ئەوەیان کرد بوو کە ڕژێمی ئاخوندی ئێران دەنگ و پشتیوانی زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستەبەر ناکا بەو حاڵەش دەوڵەتی مەحموودی ئەحمەدی نژاد ڕایگەیاند کە وڵاتانی جیهانی ئیسلام و بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن پشتیوانی لێ دەکەن و دەنگی بۆ دەدەن و بە پێی بەراوردی خۆیان زیاتر لە نیوەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕژێمی ئێران هەڵدەبژێرن. بەڵام لە ئاکامدا ڕژێمی ئاخوندی تەنها ٣٢ دەنگی هێنا، کە ئەوەش نیشانی دا زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و ئەندامانی بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەنیش لە ڕژێمی ئاخوندی پشتیوانی ناکەن و دەنگی پێ نادەن.

لە کۆی گشتی ١٩٢ دەنگی کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕژێمی ئێران ٣٢ دەنگی بەدەست هێنا کە ئەوەش بە ڕادەیێك کەمە بۆ باس کردن و لێکۆڵینەوە ناشێ و بێجگە لە ئابرو چوونی ڕژێم هیچی دیکەی تێدا نییە. وڵاتی بەرامبەری ڕژێمی ئێران وەڵاتی ژاپۆن لە قارەی ئاسیا بوو کە بۆ ئەندام بوونی غەیرە دایمی ئەنجومەنی ئاسایش و ١٥٨ وڵاتی جیهان دەنگیان پێ دا و بۆ دهەمین جار هەڵبژێردرا.

ڕژێمی ئاخوندی کە چاوەڕوانی ئەم زەربەتەی نەدەکرد و پێ وا نەبوو کە تا ئەو ڕادەییە کۆمەڵگای جیهانی لێی بێزارن ڕایگەیاند کە ئەندام بوون لە شورای ئەمنییەت گرینگ نییە و بریارەکانی ئەو شورایەش هیچ بایەخێکیان نییە و هۆی هەڵنەبژاردنی ئێرانیشی گەڕاندەوە بۆ فشارەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.

تەنها ٣٢ دەنگ لە ١٩٢ دەنگ نیشانەی شکست و بێ متمانەیی و تەریك کەوتنەوەی ڕژێمی ئاخوندی لە بەرچاوی کۆمەڵگای جیهانییە. هەرچەند کە ڕژێمی ئاخوندی ئەوەی بە لاوە گرینگ نییە بەڵام ئاکامە خراپ و نەرێنییەکانی، داوێنی خەڵکی بێتاوانی ئێران دەگرێتەوە و لە سەر ئابووری و بوارەکانی دیکەش کاریگەری زۆری هەیە. ئەگەر ڕژێمی ئاخوندی هەر وا لە سەر سیاسەتە چەوت و ئاژاوە گێرانەکانی خۆی و پرۆژەی چەکی ناوکەیی و پشتیوانی لە تروریزمی نێودەوڵەتی و دەستێوەردان لە کار و باری ناوخۆی وڵاتان بەردەوام بێ، بێ گومان زیاتر تەریك دەکەوێتەوە. نارەزایەتی ناوخۆی وڵاتیش هەرەشەیێکی بەهێزە کە کۆڵەکەکانی ڕژێمی خستۆتە لەرزە، جیاوازی چینایەتی و زۆر بوونی ڕێژەی بێ کاری و پێ شێل کردنی یاسا بنەرەتییەکانی ماف مرۆڤ و چەندین خاڵی دیکە هۆکاری بێزاری و توورە بوونی خەڵکە لە دەسەڵاتدارانی ملهۆر و گەندەڵی ئاخوندی. لە حاڵێك دا کە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی فەقر و هەژاری دان، ئاخوندەکان و ئاغازادەکان و لەو پەری ریفاه و خۆشگوزەرانی دا دەژین و بە بێ ئەوەی هیچ کارێك بکەن وە یا خۆیان ماندوو بکەن داهاتی وڵات لە بەر دەستیان دایە و بە کەیفی خۆیان خەرجی دەکەن. ئاخوندەکان و ئاغازادەکان وەك میراتگر و خاوەن ماف، هێز و سەرمایە، دەسەڵاتێکی تایبەتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، لە ناوخۆی وڵات و هەروەها لە وڵاتانی دیکەش چەندها کۆمپانی و کارخانەیان دامەزراندوە بە سەرمایەی خەڵکی ئێران و بە ناوی خۆیانەوە و داهاتەکەشی تایبەت بە دەست و پێوەندییەکانی خۆیانە. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمیش کە دروشمی پاراستن و ئاسایشی هاووڵاتیان بەرز دەکەنەوە وەك قۆڵەچماخی دەستی ئاخوندەکان و ئاغازادەکانن و دەسکەوتەکانی ئەوان دەپارێزن و هەر کەسیش دەنگی لێوە بێت وە یا رەخنەیان لێ بگرێ پەلاماری دەدەن و دەیکوژن.

ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ڕژێمی ئاخوندی ئێران لە حاست کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بە ڕژێمێکی سەرەڕۆ و پێشێل کاری ماف مرۆڤ ناسراوە و هەر وەها دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژێمە بە ئاشکرا لە تیرۆریزم پشتیوانی دەکەن و تەنانەت چەك و تەقەمەنی بۆ تاقم و گروپە تیروریستیەکان دەنێرن، سپای قودس سەر بە سپای پاسداران کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری خامنەیی دایە دزە دەکاتە نێو وڵاتانی دەوروبەر و بەردەوام خەریکی بشێوی و ئاژاوەگێری لەو وڵاتانە دایە. هۆی سەرەکی ئاڵۆزی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ڕژێمی ئاخوندی ئێرانە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە ڕژێمی ئاخوندی ئێران دژ بە ئارامی و ئاسایشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە و دەسەڵاتێکی ئاژاوەگێر و تیرۆریست پەروەرە. دەرئەنجامی ئەو جۆرە کردەوە و هەڵوێستە چەوتانەی ڕژێم ئاکامی زۆر خراپ و نەرێنی لێ دەکەوێتەوە کە زەرەر و زیانی لە ڕادەبەدەری بۆ خەڵکی ئێران بە دواوە دەبێ. ئەم جۆرە کردەوانەی ڕژێمی ئاخوندی نە تەنها لە رووی سیاسییەوە ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە و خەڵکی ئێرانی لە هەندەران بە چاوێکی سووك سەیر دەکرێن و تەنانەت جێگای شك و گومانن، بەڵکوو لە بواری ئابوریشەوە خەڵکی ئێران تووشی زەرەر و زیانی زۆر دەبن کە لێرە دا دەتوانین ئاماژە بە ڕێژەی هەڵاوسان لە ئێراندا بکەین کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبێتەوە هەر وەها کێشەی بێکاری و گرانی و جیاوازی چینایەتی چەندین فاکتەری سەرەکین کە تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنیوە.

# تاران یەکێك لە ١٣ شاری مەترسیدارە بۆ ژیان



ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە وریایی دان سەبارەت بە پیسی ی هەوا لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەت قارەی ئاسیا، ١٣ شار لەوانە، تارانی وەك شارە مەترسیدارەکانی جیهان ناساند.

لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە تەمێکی قاوەیی ڕەنگ کە ئەستووریەکەی زۆرجار دەگاتە زیاتر لە یەك مایل، لە ناوچەی (شێوە جەزیرەی عەرەبستان) تا دەریای زەرد لە قەراغی ئوقیانووسی ئارام، لە نێوان دوو وەڵاتی کۆرە و چین دەگرێتەوە کە لە ناو فرۆکەشدا دەبینرێ. ئەو تەمە کە لە ئێرانیش دەگوزەرێ و تارانیش دەگرێتەوە، لە بەهاردا هێندێ جار تا کالیفورنیاش دەچێ.

تاران لەگەڵ شارەکانی وەك بانکۆك، قاهیرە، دێهلی نوێ و سئول، وەك یەکێك لە پیسترین شاری جیهان ناسراوە، کە ژیان تێیدا بەرەورووی مەترسیە.

بەڵام ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆلاسە نابێتەوە لەو چەند شارەدا، ئەو ڕاپۆرتە هەل و مەرجی ئاو و هەوای قارەی ئاسیای بە شێوەیێکی گشتی لەچاو باقی قارەکانی جیهان خراپ لێکداوەتەوە و دەڵێ بە ملوێنها کەس لە بەشێکی بەرینی قارەی ئاسیا هەوایێکی سەممی، پڕ لە دووکەڵ و تەماوی و تێکەڵ بە مەوادی شیمیایی، هەڵدەمژن. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە بەردی بناغەی ئاو و هەوا لە قارە بە هۆی پیس بوونەوە گۆڕاوە.

ئاچیم ئەشتاینز، بەرێوەبەری گشتی (بەرنامەی ژینگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەکین، بە ئیشارە بەو هەل و مەرجە گووتی: هیچ هەنگاوێکی بەپەلە بۆ چارەسەری ئەو کێشە ئەورۆ پێویستە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە دروست کراوەکانی پیشەسازی ماشین، لەناوبردنی دارستان بۆ کشت وکاڵ، بەکارهێنانی دار و پاشماوەی حەیوانات بۆ چێشت لێنان، مەعدەنەکانی خەڵوزی بەرد لە باشووری ئافریقا، سەرچاوەی چەمی ئامازوون و باکووری قارەی ئەمریکاش زیادی کردوە، بەو حاڵە هەل و مەرجی قارەی ئاسیا خرابترە لە باقی قارەکانی دیکە.

بە پێی ڕاپۆرتی دەستەیێك لە زانایان کە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەر پیسی هەوا لێکۆڵینەوەیان کردبوو، ڕایانگەیاند لە ئاسیادا هەوری قاوەیی ڕەنگ بە شێوەیێکی بەرچاو ڕێگە دەگرێ لە تیشکی خۆر بۆ سەر شارەکانی چین و بووەتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمی کشت و کاڵ لە هیند.

بە پێی ڕاپۆرتێك کە زانکۆی تاران سێ ساڵ لەوە پێش بڵاوی کردەوە، بەرەو سەرچوونی منوئەکسیدی کەربوون لە هەوای تاران، ڕێژەی مردن بە هۆی نەخۆشیەکانی دڵی لەو شارە زیاد کردوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا ماشینەکانیان بە هۆی سەرەکی پیس بوونی هەوای تاران زاندران، بەڵام لە هەمانکاتدا ژمارەیێك لە کارناسان پێ یان وایە ڕادەی پیس بوونی ژینگەیان گەورە کردۆتەوە.